**ئه نجومەنی دادوەری**

**ژماره : ٩٣٣ له ٢٠١٦/٧/١٨**

## بــەیــان

**پشت بەحوکمی مادده(٨) له یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژماره (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ :بریارماندا به**

**یەکەم:**

**دەســت پــێ کردنــی پشــووی دادگاکــانی هــەرێمی کوردســتان عێــراق بــۆ مــاوەی (٣٠) رۆژ لــه بــەرواری (٢٠١٦/٧/٢١).**

**دووەم:**

**ئەو کێشانەی پەیوەندییان به (کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە ) هەیه که له خوارەوە هاتووه به کێشه و داوای به پەله دادەنرێن.**

**١- وەرگرتنی داوانامه (عريضة الدعوى ) و گلدانەوەی یەدەگ (الحجز الاحتياطي) و پێڕاگەیاندنی یاسایی.**

**٢- ئەو کێشه و پرسه به پەلانەی دەروازەی دەیەم له کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژماره (٨٣)ی سالی ١٩٦٩ دیاری کردوون.**

**٣- ئەو داوایانه گلدانەوەی سەرەتایی تێدایه یا داوای دواخستنی جێبەجێکردنی بریارێك یامامەلەیەکی تێدا دەکات .**

**٤- داوای میری بۆ مولك سەندنەوە (استملاك)**

**٥- ئەو داوایانه داوالێکراو قەدەغه دەکرێت له چوونه دەرەوەی هەرێم**

**٦- داوای مایه پوچ بوون (افلاس) و هەر داوایەکی تر لێ ی بکەوێتەوە.**

**٧- داوای هەڵگرتنەوەی و لێك کرینەوەی (شفعه) وپاکتاوکردنی وەقف و چۆڵکردنی به کرێدراو**

**٨- داواکانی تایبەت به مافەکانی ئاودان ورێگەی جۆگەله وسوولاوکه وهاتووچون (حقـوق السـقى و الجـرى و المسيل و المرور )مافەکانی (ارتفاق)**

**٩- داوای پاکتاوکردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانه لێی دەبنەوە**

**١٠- داواکانی ڕاست کردنەوەی (تەمەن ، ناو ، نازناو)**

**١١- ئەو داوایانەی فەرمانگه رسمی یان نیمچه رسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنه**

**١٢- داواکردنی خەرجی بژێوی (نفقه) و دایەنی (حضانة) و دیتنی منداڵ و رەچەلەك(نسب)**

**١٣- داواکانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی(اثبات الرشد)**

**١٤- داواکانی لادانی سەرکار (قيم) و پێ سپێردراو (وصى)**

**١٥- داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە.**

**١٦- ئەو داوایانەی یاسایەك به پەله دانابێت.**

**سێیەم:**

**جگە لەو داوا و کیشانەی لە برگەی دووەمی ئەو(بەیان)ە داهاتووە ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پیشووی دادگاکان ببیێنیێت ئەگەر :-**

**أ- بۆدادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە**

**ب- هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن**

**ج- داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی**

**چوارەم:**

**گشت مامەڵەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن**

**دادوەر**

**بەنگین قاسم محمد**

**ل/ سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری**